# کاتی ئاهەنگێڕان

**هارۆڵد پینتەر**
**لە ئەڵمانییەوە: بەکر حەسەن**
**(ئەڵمانیا)**



وتەبێژی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ٢٠٠٥دا (خەڵاتی نۆبڵ دەبەخشینە هارۆڵد پینتەر لەبەر ئەوەی پینتەر بە زۆر ئێمە دەباتە ناو ژووره داخراوەکانی داپڵۆسینەکانەوە!).

**کەسایەتییەکان:**

١- تێری، پیاوێکی چل ساڵان.
٢- گافین، پیاوێک لە ناوەڕاستی پەنجا ساڵان.
٣- دیستی، ژنێک لە ناوەڕاستی بیست ساڵان.
٤- مێلیسا، ژنێکی هەفتا ساڵان.
٥- لیس، ژنێک لە ناوەڕاستی سی ساڵان.
٦- شارلیت، ژنێک لە ناوەڕاستی سی ساڵان.
٧- فرێد، پیاوێک لە ناوەڕاستی چل ساڵان.
٨- دۆگلاس، پیاوێکی پەنجا ساڵان.
٩- جیمی، پیاوێکی گەنج.

**ماڵی گافین:**

ژوورێکی گەورە، کورسی، قەنەفە... تاد، خەڵکی بە پێوە و بە دانیشتنانەوە، خزمەتکارێک بە سینییەک خواردنەوەوە.

دوو دەرگا، کە یەکێکیان بە هیچ شێوەیەک بە کار ناهێنرێت، بە نیوەکراوەیی لە ناو ڕووناکییەکی هەڵماوی و تەماویدا دەبینرێت.

گافین و تێری لە پێشەوە وەستاون، ئەوانی تر لە ناو ڕووناکییەکی (نیوە تاریک)دا دانیشتون و خەریکی خواردنەوەن.

بە دوورودرێژایی شانۆیەکە، ناو بە ناو مۆسیقایەکی ئاهەنگئامێز دێتە بەر گوێ.

**تێری:** من پێتان دەڵێم، لەوێ، هەموو شتێک هەیە!
**گافین:** ئاوا؟
**تێری:** ئۆهـ، بەڵێ، بە ڕاستی نایابە.
**گافین:** ئا، ئا بە ڕاستی!
**تێری:** ئا بە ڕاستی نایابە. مەبەستم ئەوەیە کە

دەتوانرێ بوترێ، ئینسـان لەوێ دەتوانێ تێنس بکات، هەروەها مەلەیەکی خۆشیش بکات، هەر لەوێش بارێکی مەی خواردنەوەشیان هەیە.

**گافین:** لە کوێ؟

**تێری:** لەمەلەوانگەکە، هەروەها دەتوانن شەربەتی میوەش هەر لە سەر حسابەکە بخۆنەوە، هەروەها ئەو خاولییە گەرمە نایابەت دەدەنێ، ئای ئای لەو خاولییە گەرمە!

**گافین:** گەرم؟

**تێری:** بەڵێ گەرم، بە ڕاستی گەرم، گاڵتە ناکەم!

**گافین:** هەروەک خاولی لای سەرتاشەکان!

**تێری:** لای سەرتاشەکان؟

**گافین:** ئا لای سەرتاشەکان، من کە منداڵ بووم ئەوەم بینیوە.

**تێری:** ئەرێ. بەڵێ؟! (پشوو) مەبەستت چییە؟

**گافین:** زۆر ئاسایی بوو، دەزانیت چۆن؟ خاولییەکی گەرمیان دەخستە سەر دەموچاوت، سەر چاو و لووتت، من ئەوەم هەزار جار کردووە، ئا بەو شێوەیە هەرچی (زیبکە)ی سەر دەموچاو هەیە هەمووی دەڕۆیشت.

**تێری:** زیبکە؟

**گافین:** بەڵێ زیبکەکان دەسووتان، خاولییەکان ئەوەندە گەرم بوون کە ئینسان بە زەحمەت بەرگەی دەگرتن، سەرتاشەکەش هەمیشە دووبارەی دەکردەوە و دەیگوت: گەرمە. ئایە بۆ تۆ گەرمە، ئەی کاکی من؟ هەموو زیبکەکانی سەر پێستی دەموچاوی دەسووتاند. (پشوو)
ڕاستییەکەی من لە ڕۆژئاوا لەدایک بووم، لەو بارەیەوە دەتوانم تەنیا دەربارەی سەرتاشین لە ڕۆژئاوا قسە بکەم، بەڵام لەلایەکی ترەوە من دڵنیام کە ئەو کاتە لە هەموو سەرتاشخانەیەکی وڵاتدا، خاولی گەرم هەبووە و دژی زیبکەی دەموچاو بەکاریان هێناوە، بەڵێ جاران بە گشتی ئاسایی بووە.

**تێری:** منیش دڵنیام ڕاستە شتی وا هەبووە، بەڵام ئاوەها نا، ئەو خاولییانەی کە من دەربارەیان قسە دەکەم، بریتی بوون لە خاولی گەورە، بۆ لەش بەکار هاتوون، من مەبەستم بۆ حەوانەوەی تەواوی لەش، هەر لەبەر ئەوەیە کە من دەڵێم، بەڵێ، لایەنی پۆزەتیڤی زۆر بوو، زۆر نایاب بوو، هەروەها لەوێ لیستی چاوەڕوانکردن هەبوو، وەک ئەوەی من ئاگادارم. دەمەوێ بڵێم، دەبوایە خەڵکەکە هەڵبژێررایە و بیانناسیایە لێی دڵنیابوونایە و دواییش دەبوایە هەڵبسەنگێنرایە، ئاوا نەیاندەهێشت هەموو کەس بچێتە ژوورەوە، ئەی بۆ نا، بەڵێ ئاوها.

**گافین:** زۆر ڕاستە.

**تێری:** بەڵام بێ گومان، خەڵکی وەک ئێوە هەمیشە بە ڕێزێکی بێ هاوتاوە بە خێرهاتنتان کراوە! وەک ئەندامێکی شەرەف.

**گافین:** بەڵێ، بە لوتفەوە. (دیستی لە دەرگایەکەوە دێتە ژوورەوە، دەچێتە لای ئەوان).

**دیستی:** ئەرێ بیستووتانە کە جیمی چی لێ قەوماوە؟

**تێری:** هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

**دیستی:** چی، هیچ؟

**تێری:** هیچ کەسێک لەم بارەیەوە قسە نەکات، هیچ کەسێک قسە نەکات، ها جوانێ گیان، ئەگەر تۆ کیژێکی باش و نایاب نەبیت کێشەیەک نییە، ئەوە یەکێک لە پشتەوە هەیە!

**دیستی:** مەسەلە چییە؟

**تێری:** دەی باسی یانە تازەکەیان بۆ بکە، منیش ئێستا باسی یانەکەم بۆ کردن، ئەویش ئەندامە.

**گافین:** ئەی دوایی چۆن؟

**دیستی:** ئۆی، ئەوەتا لێرەیە، لەوێندەرێ هەموو شتێک هەیە، ئەوەتا لێرەیە، ڕووناکییەکە سەرنجڕاکێشەرە، وانییە؟ باسی (ڕووناکییە ئەبەدی)یەکەت بۆ کرد؟

**تێری:** ئاهە، لەوێ مەیخانەیەک هەیە، دەزانن، مەیخانەکە بریتییە لە جامخانەیەک لە شووشەی (نووری ئەبەدی) کە لەوێوە دەتوانرێ ژێرەوەی (ئاو) ببینن!

**دیستی:** لەوێدا خەڵکی بە ناو یەکدا مەلە دەکەن، تۆش لەولاوە بە دیار خواردنەوەیەکەوە دانیشتووی.

**تێری:** کیژانی ئاڵۆشاوی!

**دیستی:** هەروەها پیاوانیش!

**تێری:** زیاتر کچان!

**دیستی:** ئەی باسی خواردنەکانت بۆ کردووە؟

**تێری:** خواردنی (کانەلۆینی*) زۆر بە تامە!

**دیستی:** خواردنەکەیان زۆر باشە، بەڕاستی خواردنەکەیان زۆر باشە!

**تێری:** نا، نا، بە ڕاستی شتێکی سەیروسەمەرەیە.

مێلیسا لە دەرگاکەوە دێتە ژوورەوە و دەچێتە پاڵیان.

**مێلیسا:** بۆ خاتری خوا چی لە دەرەوە ڕووی داوە،

دەڵێی ئافاتی چاوەقووڵە بڵاوبووەتەوە.

**تێری:** مەسەلە چییە؟

**مێلێسا:** شار مردووە، تەنیا کەسێکیش بە دەرەوە نییە، جگە لە دوو سێ سەرباز، کەسێکی تر نابینرێ! سەیر بوو، تەنانەت پێویستی کرد شوفێرەکەم ئا لەو شوێنەدا بوەستێت، کوڕە لەو شوێنەدا بوەستێت، ناوی چییە؟ ئێوە دەزانن ناوی چییە، ئا، ئا بیرم کەوتەوە سەیتەرە، سەیتەرە، ئای.. تەنانەت پێویستی بەوە کرد کە ئێمە بڵێین: ئێمە کێین و چیشین! نازانم ئاوا هەندێک یانی لەو پرسیا...

**گافین:** نا، ئەوە بەس کەمێک، ئێوە دەزانن.

**تێری:** ئیتر تەواو، بەسە، ڕێگام پێ دەدەن بە یەکتریتان بناسێنم؟ (گافین وایت) - خاوەن ماڵ- مێلێسا خانم.

**گافین:** زۆر خۆشحاڵم.

**تێری:** حەزتان لە چ خواردنەوەیەکە. (خزمەتکار دێت)

**خزمەتکار:** بەڕێز، ڕێگامان پێ دەدەن؟

(پەرداخێک شەراب دەداتە دەست مێلێسا خانم).

**دیستی:** من هەمیشە هەر گوێم لەم شتانە دەبێت، نازانم، نازانم کە چۆن چۆنی لە ناو ئەم حاڵەدا هەڵبکەم؟

**مێلێسا:** (بۆ گافین) تەماشا، چەند ئاهەنگێکی بێتام و ناخۆش و بێزارکەرە.

**تێری:** (بە دیستی) چیت گوت؟

**دیستی:** من گوتم، کە نازانم چۆن چۆنی لەگەڵ ئەم حاڵەدا هەڵبکەم!

**تێری:** هیچ پێویست ناکات لە گەڵیدا هەڵبکەی، تەنیا ئەوەندە پێویستە کە دەمت بگریت و خۆت بە بیرکردنەوەکانی خۆتەوە خەریک بکەیت، یانی هەر دەبێت من هەمیشە و بە بەردەوامی ئەمەت پێ بڵێمەوە، ها؟ کاتێک کە دێت بۆ ئاهەنگی ئا ئاوا بێتام و بێزارکەر، تەنیا ئەوەت لەسەرە کە دەمت بگریت و بە میوانداری کردنت شاد بیت، ئەوجاش خۆت بە بیرکردنەوە نەفرەتییەکانی خۆتەوە خەریک بکەیت! هەروەها ئەوەی کە هەموو جارێک پێم گوتویت ئەوە دیسان پێت دەڵێمەوە، تۆ بە بەردەوامی لە منەوە گوێت لەمە دەبێتەوە، هەموو چەنەبازییەک لەناو چەنەبازیتردا خۆی لە دایک دەبێت و خۆی بەرهەم دەهێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە تۆ بە بەردەوامی گوێت لەم جۆرە چەنەبازییانە دەبێت و دەبێتەوە، باشە، باشە پێم بڵێ

ئەمە چ مەترسییەک لە سەر تۆ دروست دەکات؟

(ڕووناکی لەسەر (لیس و شارلیت) ـە کە لە سەر قەنەفەیەک دانیشتوون).

**لیس:** ئای کە جوانە، لەو دەمە، ئای لەو جووتە چاوە جوانە، بە ڕاستی جوانن.

**شارلیت:** بەڵێ.

**لیس:** توخنی مەکەوە و نەهێڵێت دەستت بۆ بەرێ، ئا. ئەوە من قەستم بوو بیکوژم!

**شارلیت:** هەستم بەوە کردبوو!!

**لیس:** دەعبا دڕەندەکەی چەقاندبووە بەینی هەردوو ڕانی!

**شارلیت:** با، دەزانم.

**لیس:** وام هەست کرد کە دەیەوێت دەعبا دڕندەکەی تێیدا بخنکێنێ!

**شارلیت:** سەیر بوو، بە عەقڵدا نەدەچوو!

**لیس:** تەنوورەکەی هەتا قوڕقڕاگەی بەرز بووبووەوە، بۆ تۆ نەتبینی؟

**شارلیت:** ئاوا بێشەرمانە!

**لیس:** لە دواییدا بەرەو سەر پێپلکەکان لوولی دا.

**شارلیت:** منیش ئەوەم بینی!

**لیس:** بەڵام دەزانیت ئەو کاتەی کە ڕۆیشت، چی کرد؟

**شارلیت:** چی؟!

**لیس:** تەماشای منی کرد!

**شارلیت:** بەڕاستی؟

**لیس:** سوێندت بۆ دەخۆم، کاتێک کە بۆ دەرەوە قووچاندی، ئاوڕی دایەوە و تەماشای منی کرد، سوێندت بۆ دەخۆم. هەروەک ئاسکێکی بریندار، هەتا من بژیم لە بیرم ناچێتەوە، ئا ئەو تەماشاکردنەیم لە بیر ناچێتەوە!

**شارلیت:** ئای کە جوانە!!

**لیس:** من دەبوایە قوڕقڕاگەی هەڵدڕم، قوڕقڕاگەی ئا ئەو قەحبە حەشەرییە.

**شارلیت:** نا، نا.. وا مەڵێ، تۆ بیر لەوە بکەوە، بیر لەو لایەنە باشانە بکەوە کە بە هۆی ڕووداوەکەوە بە دەستت خستووە، ئەوە بۆ تۆ.. بۆ خۆت خۆشەویستییە، تۆ وات لێهاتووە کە خۆت خۆش بوێت، ئاوایە، بە ڕاستی، تۆ ئیتر خۆتت خۆش ویستووە.

**لیس:** بەڵێ، ڕاست دەفەرموویت، وایە من تووشی داوی خۆشەویستی بووم، تەواوی ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، من خۆشویستراوم.

**شـــارليت:** ڕوودەدات، هەندێ جـــار شـــتی ئاوا ڕوودەدات، ئەوە ئەو ساتەوەختـەیە کـە هەندێ جار لە کـەسێک ڕوودەدات، هەندێک جـار ئینسـان تووشی حاڵەتی ئاوهایی دەبێت.

**لیس:** بەڵێ، تۆ ڕاست دەکـەیت، ئەوە ئەوە بوو کـە بەسەر من هات، ئەوە ئەوە بوو، چی ڕووی داو...من، لە من...چی ڕووی دا.

**شـارلیت:** ئاخـر هەر لەبەر ئەوەشـە کـە ئاوا ئازارت دەدات.

**لیس:** بەڵێ، لەبەر ئەوەی ئەو مـــەمک زلێکی ئالۆشاوییە!

**شارلیت:** ئەو پیاوە دەستدرێژی لە خۆشەویستەکەی تۆ کردووە.

**لیس:** بەڵێ، ئەوە مەسەلەکـەیە، ڕاسـتودروست ئەوە مەسەلەکەیە، ئەو، ئەو کارەی ئەنجام دا. دەستدرێژی لە خۆشەویستەکەم کرد. (ڕووناکی دەچێتە سەر (فرێد و دۆگلاس)، خەریکی خواردنەوەی کهولین).

**فرێد:** ئێمە پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین کە بکەوێتە کار.

**دۆگلاس:** چی بکەوێتە کار؟

**فرێد:** وڵات، نیشتمان! (پشوو)

**دۆگـلاس:** ئاخـر فـرێد، تۆ ئا بەم شێـوەیە ئاژاوەت لە ماڵەکەدا ناوەتەوە، ئەوە دەزانیت؟

**فرێد:** بەڵام ئەمـەش هەر پێوەندی بەوەوە هەیە، دەڵێم پێوەندی هەر بەوەوە هەیە، یان دەتەوێ تێنەگەیت؟

**دۆگـلاس:** ئۆی، بە دڵنیـاییـەوە، بەڵام ئەمـەش هەر پێوەندی بەوەوە هەیە، دەڵێم پێوەندی هەر بەوەوە هەیە، ئاخر ئیتر بەسە. ئیتر کۆتایی بەم نارەسەنییە ئەبەدییە بهێنە!

**فرێد:** بە ڕاستی وای بۆ دەچیت؟

**دۆگـلاس:** ئێ، ئەوجـا ئەگـەریش بە ڕاسـتی وای بۆ بچم؟

**فرێد:** من خەڵکی وەک تۆم پێ سەیرە.

**دۆگلاس:** منیش هەروەها، خەڵکی وەک تۆ بە سـەیر دەزانم! (فرێد مستەکۆڵەیەک ئامادە دەکات).

**فـــرێد:** ئاوا، یەک دانە ئا لەمـــە! (دۆگـــلاســـیش مستەکۆڵەیەک ئامادە دەکات). (پشوو)

**فرێد:** ئەمڕۆ، ئێوارە چۆن چۆنی دەڕوات؟

**دۆگـلاس:** وەک ئەوەی دیارە و دەبینرێت، تەمـاشـا، ئێمە ئاشتی دەخوازین، ئێمە ئاشتیمان دەوێت، هەروەها بە دەستیشی دەهێنین!

**فرێد:** تەواوە!

**دۆگلاس:** ئێـمـە ئاشـتیـمـان دەوێت و بەدەسـتیـشی دەهێنین، بەڵام ئێمە ئاشتییەکی داڕێژراوی (ئاسن)مان دەوێت، ئاشتییەک کە کونوکەلەبەری تێدا نەبێت، وەک بەرمیلی ئاسنین هەوابڕ بێت، وەک ئەو جۆرە ئاشتییە بێت کـە ئێـمـە ئاواتی بۆ دەخوازین، هەروەها لەو جـۆرە ئاشـتییـە بێت کە ئێمە بە دەستی دەهێنین، بە دەستی دەخەین، ئاشتییەکی داڕێژراو لە ئاسن. (مستەکۆڵەیەک ئامادە دەکات)، ئا، ئاوا!

**فرێد:** تۆ دەزانیت کـە من بە ڕاستی سەیرم بە خەڵکی وەک تۆ دێت!

**دۆگلاس:** منیش هەروەها، بە خەڵکی وەک تۆ.

(ڕووناکی دەچێتە سەر مێلیسا و دیستی و گافین).

**مـێلیسـا:** (بە دیسـتی) ئای ئەوە کـە شیرینە لای من کاتێک کە وا بە من دەڵێیت.

**دیسـتی:** بەڵام هەر وایشـە بە ڕاسـتی ئێـوە خـاوەنی لەشولارێکی ڕێکوجوانن، بە ڕاستی ئەوە وایە، یان؟.

**دیسـتی:** من سالانێکە کـە ئەم خانمە دەناسم، ڕاسـتـە ها، باشـە من چەند ساڵە تۆ دەناسم؟ چەندان ساڵە ئێوە هەروەک خۆتانن، هەروەک خۆتانن، یان من؟

**گافین:** ڕاستییەکەی وایە.

**دیستی:** هەمیشە هەر وایە؟

**تێری:** من هەمیشە لە سەر هەقم!

**مێلیسا:** ئای، دەتەوێ نوکتە و گاڵتەبازی بکەیت؟

**تێری:** نا، نا، من هەرگیز نوکتە و گاڵتەبازی ناکەم. فەرموو ئێوە نوکتەیەکی گاڵتەئامێزمان بە گوێدا بدەن.

**مـێلیسـا:** من نا، با بزانیت بۆ ئەو مـەبەسـتـە، ئەگـەر وابێت و من هێشـتـا بە شیکی و مەقبوولی دەربکەوم و وا ببینرێم، ئەوە دەبێت کە من زۆر زۆر سوپاسگوزاری بە ئەندام بوونی خـۆم بم لەم یانە تازەیەدا کـە دیارە ئەوە بۆ ئەم یانەیە دەگەڕێتەوە- (بە گافین) ئێوە ئەم دەناسن!

**تێری:** ئێمە پێش کەمێک لەو بارەیەوە قسەمان بۆ ئەو کرد، ئێمە پێش کەمێک لەو بارەیەوە هەموو شتێکمان بۆ ئەو باس کرد.

**مێلیسا:** ئاوها؟

**گافین:** ئاوا پێش کـەمێک، بەڵێ، ئەمیش زۆر بە دڵی بێت!! ئێوەش لێرە ئەندامن، وانییە؟

**مێلیسا:** ئا، بەڵێ، لەو باوەڕەدام کە ئەم منی لە مردن ڕزگار کردبێت!. ئا مەلەکردن. بۆچی نایەیت لە گەڵماندا تێنس بکەیت! یاری تێنس دەزانیت؟

**گـافین:** من یاریکەری (گـۆڵف)م، من یاری گـۆڵف دەکەم.

**مێلیسا:** ئێ، ئەی ئێوە چی و چۆن ئەوە دەکەن؟

**گافین:** (پێدەکەنێت) تێناگەم، ئێوە مەبەستتان چییە؟

**تێری:** ئەو چۆن چۆنی ئەوە دەکات؟ ئیتر هیچی تر نا. هەر. یاری گـۆڵف دەکـات! ئەوە دەکـات، ئەوە هەمـوو شـتـەکـەیە و تەواو، ئەو چی و چۆن دەکـات؟ ئەو یاری گۆڵف دەکات!

**گـافین:** نا من (سەوڵ)داریش دەکـەم، من بەلەمـێکم هەیە.

**دیستی:** منیش حەزم لە بەلەمە.

**تێری:** چی؟

**دیستی:** من حەزم لە بەلەمـە، من حەز دەکەم سـواری بەلەم بم.

**تێری:** سواری بەلەم بوون، گوێت لێ بوو؟

**دیستی:** من حەز دەکەم لە سەر بەلەم چێشت لێ بنێم!

**تێری:** تەنیـا شـتێک کـە ئەم لە سـەر بەلەم حـەزی پێ نەکـات، ئەویش ئەوەیە کـە سـێکسـە، حـەز ناکـات لە بەلەمدا سێکسی لە گەڵدا بکرێت.

**مێلیسا:** سەیرە، من وام دەزانی کە هەموو کەس حەزی لەوەیە. (بێدەنگی)

**دیسـتی:** کـەس نـازانێت کـە چی بە سـەر جیـمی برام هاتووە؟

**دیستی:** من نازانم، کێشەکە چییە؟ تۆ بڵێی دیستی کـەڕ بوو‌بێت؟! یان لەوانەیە دەنگی من تەواو تا ئەو ڕادەیە دەرنـەیەت، یـان دەنگی مـن تـاڕادەیـەک تـەواو و ڕەوان بەر گوێ نەکەوێ، ئێوە برادەران ڕاتان چییە؟ ئەمە چۆن دەبـێـن؟ لەوانەشـە کـێـشـەکـە پـێـوەندی بە شـێـوەی دەربڕینی منەوە هەبێت؟ من کە جارێکی تر چوومەوە ناو بیـرکردنەوەکـانم، وام بۆ دەردەکەوێت، کە من گـوتبێـتم: ئەو جۆرە پرسیـارانەی کە پێوەندییان بە (جیمی)یەوە هەیە، لێرە و لەم شـوێنەدا هی وتووێژکـردن نین، ناکـرێ لێرە وتووێژی لە سـەر بکرێت، چونکە ئەو مـەسـەلەیە لە ناو بەرنامەی ڕۆژانەی هیچ کـام لەو خـەڵکەدا نییـە کـە لێـرەن، لەو باوەڕەدام کـە من ئەمـــەم زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی گوت! بەڵام ئیتر نازانم لەوانەیشە دەنگم تەواو تا ئەو ڕادەیە دەرنەیەت، یان شێوەی دەربڕینم ناتەواو و باش نەبێت، یان لەوانەیە دیستی کەڕ بێت!!

**دیستی:** بەڵام لە بەرنامەی ڕۆژانەی مندا هەیە!

**تێری:** چیت وت؟

**دیستی:** من گوتم کە لە بەرنامەی ڕۆژانەی مندا هەیە!

**تێری:** نا، نا، شـیـرینەکـەم، تۆ ئەوە بە هەڵە دەبینیت، ئەوەش کـە تۆ بە هەڵە دەیبـیـنیت، ئەوە ئەوەیە کـە ڕاستییەکە دەسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەسڵەن تۆ هەر لە بناغەوە بەرنامەی ڕۆژانەت نییە و پێچەوانەکەشی حاڵـەتە ڕاسـتـودروسـتـەکـەیەتی، (بەخـەڵکەکـە) من بە پێـویسـتی دەزانم کـە گـەڕاینەوە بۆ مـاڵەوە کـەللەسـەرە سووڕاوەکەی ڕاست بکەمەوە، بەڵێ وا هەست دەکەم ئەوە کارێکی پێویست بێت!

**گافین:** سەیرە، ژمـارەیەکی زۆر پیاو هەن، کـە ناتوانن ژنەکانیان کۆنترۆڵ بکەن.

**تێری:** چی؟

**گافین:** (بە مێلیسا) ئێوە، دەزانن ئەمە لە ڕەگوڕیشەوە خراپ هاتووە، ژنانی بێ کۆنترۆڵ!

بەڵی، تێدەگەم مەبەستت چییە.

**تێری:** چیتان وت؟

**گافین:** (بۆ مێلیسا) من تازە بە تازە لە ناو دارستـان پیاسەیەکم کرد، من هێشتاش نەمزانیبوو کە چەند سمۆرە لەم وڵاتەدا هەیە، وای بۆ دەچم کـە سـیـحـرێک لە سەرقاڵکردنی ئەم هەموو گیانەوەرانەدا هەبێت!

**مـێلیـسـا:** کـاتێک کـە منداڵ بووم سـمـۆرەم خـۆش دەویست.

**گافین:** بە ڕاستی؟ ئەی داڵ، داڵت خۆش نەدەویست؟

**مـێلیـسـا:** ئای، داڵ، با، هەروەها داڵیـشم خـۆش دەویست، هەوەها (باز)یش، بەڵام زیاتر داڵ، منارەی داڵ، کە کاتێک منارەیەکیان لە ئاسماندا دەنەخشاند و یەک لە دوای یەک بەسەر دەشتـەکـێوی مندا دەفـڕین و کۆچیان دەکرد، ئەو دیمەنە منی دەخستە گریان، ئێستاش هەر گـریانم دێ! (ڕووناکی لە ژوورەوە بەرەو کـەم بوونەوە دەڕوات).

ڕووناکـیـیـە دەرکـەوتووەکـە لە بۆشـاییـە کـراوەکـەی دەرگاکەوە، ڕوو لە زیاد بوون دەکات، چڕتر دەبێتەوە.

(ڕووناکی بۆشایی دەرگـاکـە دادەبەزێ و دەچێتـە سـەر دۆگلاس و فرێد، دواییش سەر لیس و شارلیت).

**دۆگلاس:** ئێ، ئێوە ژنەکەی من دەناسن؟

**فرێد:** (بە لیس) زۆر خۆشحاڵم.

**فرێد:** ئەمەش شارلیت.

**فرێد:** ئا، ئێمە یەکتری دەناسین!

**لیس:** ئێوە یەکتری دەناسن؟

**شارلیت:** ئا، بەڵێ، ئێمە یەکتری دەناسین جاران پێوەندیمان بە یەکەوە هەبوو.

**فرێد:** ئا، ئیتر ئەوە دیارە!

**دۆگلاس:** ئەوجا ئەوە هیچ کێشەیەکی بۆ ئێوە دروست کرد؟ مەبەستم ئا، ئەو پێوەندییە؟

**شارلیت:** ئەها، بەڵێ، من ئێستاش گیانم دەلەرزێت!

**دۆگلاس:** ئاڵۆز و سەیرە.

**لیس:** ئەم ئاهەنگە بە ئاهەنگێکی چاک و ڕێکوپێک دەبینم، وا نییە؟ مەبەستم ئەوەیە کە من بەڕاستی بە ئاهەنگێکی نایابی دەبینم، وا نییە؟ بەڕاستیش ئەگەر خەڵکی بە جلوبەرگێکی ئاوا باش و جوان خۆیان گۆڕیبێت، ئەوە خۆشترە، هەرچەندە ئەگەر ئەوە بە ڕێکەوتیش ڕوویدابێت، هەر باشە! ئێوە تێدەگەن مەبەستم چییە؟ مەبەستم ئەوەیە من بەش بەحاڵی خۆم بە سەخافەتی دەزانم ئەگەر بڵێم شانازی بەمەوە دەکەم، باشتریش بڵێم بۆ من سەخافەتە گەر شانازی بەوەوە بکەم کە بەشێک لە خەڵکی کۆمەڵگا جلوبەرگی باش و جوانیان لەبەردابێت! ئای خوایە، من نازانم ئەمە چییە؟ ئایە ڕێکپۆشی و ئەناقەتە. هەڵسوکەوت و (نازەنین)یە، یان (تامویەلەزەت)ـە،...نازانم ئەمڕۆ سەردەمی ئەم جۆرە وشانە بەسەر چووە! پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەم بیروبۆچوونەی من، لای ئێوە، لای بەڕێزتان، ڕاستییەکی باوەڕپێنەکراوە، بەڵام من تاک و تەنیا نیم! هەرچۆنێک بێت من دڵخۆشم بەوەی کە ڕوودەدات، بە جۆرێکیش دڵخۆشم کە ناتوانم پێتان بڵێم تا چ ئاستێک خۆشبەختم.

**فرێد:** (بە شارلیت) ئا، تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکدا کردبوو، ئەرێ ئەوە کێ بوو؟ (بێدەنگی)

**شارلیت:** ئەو مرد. (بێدەنگی)

**دۆگلاس:** ئەگەر تا ئێستا بۆ ئەم هاوینە شتێکتان بڕیار نەداوە و هیچیشتان بە دەستەوە نییە، ئەوە وەرن بۆ دوورگەکەی ئێمە، ئێمە دوورگەیەک بە کرێ دەگرین، وەرن، جگە لە خۆمان کەسی تری لێ نابێت، تەنیا یەک دوو کەسێک خەڵکی دیکە نەبێت کە ئەوان بە هەمیشەیی لەوێن، کەسی تری لێ نییە، ئەوانیش خزمەتمان دەکەن. ئەوپەڕی شارستانیەت و پێشکەوتن، هەموو شتێک تەواوە - (عالولعال)ـە، من مولیدەیەکی کارەبایی خۆشم هەیە! بەڵام لەوێ با و ڕەشەبایەکی دڕندەیە، وانییە ئەی خۆشەویستم؟ ئەگەر ئینسان حەز بە با و ڕەشەبا بکات؟! بایەکی گەرمی ڕۆژهەڵاتی، کە دەچێتە ناو لەشەوە و لە ناو ئێسقانەکان دەدات! بەڕاستی ئاوا! هەروەک لێدانەکەی جاران تەک، تەک، تەک. ئای خوایە، هەندێک جار لەوانەیە دڕندانە بێت، چۆن، خۆشەویستم؟ کۆنە تەک، تەک، تەکەکەی جاران کە دەست دەکات بە لێدان و دواییش دەبێتە (زەبزەبە)، ئێوە دەزانن ئەو زەبزەبەیە چ کارێک بە ئەنجام دەگەیەنێت؟ ئاستی سوورانی خوێن زیاد دەکات، بە ڕاستی، کاتێک کە من لە دوورگەکە لە دەرەوە دەبم، وا هەست دەکەم کە دە ساڵ لە تەمەنم دابەزیوە و بە مانا دە ساڵ گەنجتر دەبمەوە.. ئیتر دەتوانم میوانداری هەموو کەسێک بکەم، هەر لە ژن و پیاو و منداڵ، چی و چی تریش! (پێدەکەنێت)

من دەشتوانم کە میوانداری ئاژەڵێکی کێویش بکەم، بەڵام لەو کاتەدا کە با و گێژەڵوکە دامرکابێتەوە و کۆتایی هاتبێت و شەویش بەرەو کۆتایی بڕوات و مانگیش لە تەواوی درەوشانەوەی خۆیدا بێت و ئەوجاش ڕووبارەکەش تەنیا لە ئیقاعی شەپۆلەکانی خۆیدا بێت، ئاخ ئەو کاتە ئینسان هەست بەوە دەکات کە خودا چی بۆ مرۆڤ دروست کردووە! ئای ئەوە چۆن بەهەشتێکە!

(ڕووناکی لەسەر(تێری و دیستی)یە لە یەکێک لە سووچەکان).

**تێری:** تۆ دەزانیت، کە تۆ شێت بوویت؟ تۆ دەزانیت ئەو پیاوە چییە؟

**دیستی:** بەڵێ، لەو باوەڕەدام کە من دەزانم ئەو پیاوە چییە!

**تێری:** تۆ نازانیت، ئەو چییە، هیچ زانیارییەکت نییە، نازانیت ئەو لە کوێدایە، بە هیچ جۆرێک زانیاریت نییە، تەنانەت کەمترین زانیاریش، زانیاری!

**دیستی:** ئەو خانەدان و ڕەفتار جودایە، بە کەسێک دەچێت کە لە جیهانێکی ترەوە هاتبێت، لە جیهانێکی میهرەبان و دلۆڤانەوە، ئەو سبەینێ گوڵ پێشکەش بە من دەکات!!

**تێری:** نا، نەخێر نابێت، شتی وا ناکات، نەفرەت، ئای، نا، نەخێر، دووبارە بە نەفرەت بێت، شتی وا نابێت

و ناکرێت.

**دیستی:** ئای خۆشەویستە هەژارەکەم، ئەوە چییە، نەخۆش کەوتیت؟ ئایە من تۆم تووشی بێ ئومێدی کرد؟ ئا، تووشی بێ هیوایی‌م کردیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەوڵم داوە کە هاوسەرێکی چاکی تۆ بم! هاوسەرێکی باش! (چاو دەبڕنە یەکتری).

ئا وایە، لەوانەیە هەر بە گەیشتنمان بۆ ماڵەوە بمکوژیت، تۆ بڕوات وایە کە شتی وا بکەیت؟ بڕوات وایە کە کۆتاییەک بۆ ئەمە دابنێیت؟ تۆ باوەڕ بەوە دەکەیت کە کۆتاییەک بۆ ئەمە هەبێت؟ باشە، باوەڕدەکەیت کە تۆ دوای ئەوەی لە کۆتاییدا منت کوشت، ئیتر بەو شێوەیە و ئاوا هەموو شتێک و هەموو یەکێک لەگەڵ مندا دەمرێت؟

**تێری:** ئێوە هەر هەمووتان دەمرن، تۆ و هەموو ئەوانەی وەک تۆن!

**دیستی:** تۆ چۆن دەتوانیت ئەوە ئەنجام بدەیت؟ پێم بڵێ.

**تێری:** زۆر ئاسایی و ئاسانە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە دەیان ڕێگەمان هەیە، بۆ نموونە دەتوانین ئێوە هەر هەمووتان بە ئیشارەتێک بخنکێنین، یان دەتوانین بە ئیشارەتێکی تر دەسکی گسک، ئەو گسکانەی کە دەسکەکانیان درێژە بخەینە قوونی هەر یەکێکتانەوە ئاوها، یان دەتوانین بە ئیشارەتێک هەرچی شیری دایک لە جیهاندا هەیە هەر هەمووی ژەهراوی بکەین، کەواتە هەرچی بەبە هەیە دەمرێت، هەرچی بەبە هەیە لە جیهاندا بێ ئەوەی فریا بکەون دەمە گلاوەکەیان بکەنەوە دەمرن!!

**دیستی:** منیش حەزم بەو کەیف خۆشەیەیە، ئەوە کەیف خۆشمان دەکات!

**تێری:** ئا، ئا وات لێدێت کە حەزی پێ بکەیت، بەڵام من پێت ناڵێم کام ڕێگایە بە کاردێنین، من دەمەوێ کە تۆ تەنیا لە ڕووە سێکسییەکەوە تەواو تێر و ڕەحەت و ڕەحەت بوو و ڕەحەتکراو بیت، باشتر بیڵێم دەمەوێ، کەرەستە بەکارهێنراوەکە هەرچییەک بێت، بتوانێت تۆ تێر بکات!

**دیستی:** بەڵام تۆ هێشتا منت خۆش دەوێت، ها؟

**تێری:** بێ گومان، خۆشم دەوێیت، تۆ دایکی منداڵەکانمی.

**دیستی:** ئۆی، ئەرێ باشە جیمی چی بەسەر هات؟

(ڕووناکی دەچێتە سەر فرید و شارلیت).

**فرێد:** دەمێکە!

**شارلیت:** دەمێکە.

**فرێد:** ڕاست نییە؟

**شارلیت:** ئاها، بەڵێ، هەمیشە..!

**فرێد:** ئەمڕۆ زۆر جوانیت، هەروەک هەمیشە!

**شارلیت:** تۆش هەروەها.

**فرێد:** من؟ نا، من نا!

**شارلیت:** با، ئاخر تەماشا! نا، نا..ئاخر ئینسان چۆن ئاوها دەڵێت!

**فرێد:** مەبەستت چییە لەوە: ئینسان چۆن ئاوها دەڵێت؟

**شارلیت:** ئەها، مەبەستم لەوەیە، تۆ هەر جوانیت، وەک هەمیشە!

**فرێد:** بەڵام من هەرگیز جوان نەبووم، بە هیچ شێوەیەک.

**شارلیت:** نا، ئەوە ڕاستە، ئەوە تۆ نیت، بە هیچ شێوەیەک، من بە سەقەتی قسەم کرد، ئینسان چۆن ئاوها دەڵێت؟

**فرێد:** زمانی قسەکردنی تۆ هەمیشە سەخیفانە بووە!

**شارلیت:** بەڵێ، قێزەونانەیە!

**فرێد:** ئاهەنگەکەت بە دڵە؟

**شارلیت:** ساڵانێکە ئاهەنگی وا باش نەکراوە!(پشوو)

**فرێد:** تۆ دەڵێیت کە گوایە پیاوەکەت مرد؟

**شارلیت:** چییەکەم؟

**فرێد:** پیاوەکەت.

**شارلیت:** ئەها، پیاوەکەم، ئەها، بەڵێ، بەڵێ زۆر بە ڕاستی، ئەو مرد!

**فرێد:** ئەی ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو، ها؟

**شارلیت:** ماوەیەکی کورت.

**فرێد:** ئەها! (پشوو) کەواتە زوو بە زوو.

**شارلیت:** زوو بە زوو، بەڵێ کورت و زوو بە زوو! (پشوو)

**فرێد:** وا باشترە.

**شارلیت:** بە ڕاستی؟

**فرێد:** من بیری لێ دەکەمەوە!

**شارلیت:** ئەها، تێدەگەم، بەڵێ. بۆ کێ باشترە؟ (پشوو)

**فرێد:** چی؟

**شارلیت:** تۆ گوتت، وا باشترە، بۆ کێ ئاوا باشترە؟

**فرێد:** بۆ تۆ!!
**شارلیت:** پێدەکەنێت.
**شارلیت:** بەڵێ! باشە بۆ خۆشبەختی نەتگوت کە بۆ ئەو، بۆ خۆی باشترە.
**فرێد:** نا، دەمتوانی ئەوەش بڵێم، بۆ ئەو خۆی باشترە، مردنێکی زوو بە زوویی، بێ گومان زۆر باشترە لە مردنێکی هێواش، دیارە کەسێکی تێگەیشتووش هەر وا دەڵێت.
**شارلیت:** نا..ا! (پشوو)
**فرێد:** تۆ ئێستاش هەر جوانیت!
**شارلیت:** ئەها، لەو باوەڕەدام، شتێک لەسەر شەقامەکە ڕوویداوە!
**فرێد:** چی؟
**شارلیت:** ئەها، بڕوام وایە، شتێک لەسەر شەقامەکە ڕووی داوە!
**فرێد:** واز لە شەقامەکە بێنە، شەقامەکە بۆ ئێمە بەجێ بهێڵە!!
**شارلیت:** ئێمە کێین؟!
**فرێد:** ئۆه، تەنیا ئێمە، تۆ چاک تێدەگەیت!
**فرێد:** تەماشای دەکات.
**شارلیت:** ئای خوایە، تۆ چۆن چۆنیت! نا، بەڕاستی، تۆ هەموو دەمێک جوان دەردەکەویت، پێم ناڵێی تۆ چی دەکەیت،؟ تۆ ڕێجیم دەکەیت؟ باشە، چۆن چۆنی خۆت کۆنترۆڵ دەکەیت؟ چۆن چۆنی ئەمە دەکەیت؟ چی لە خۆت دەکەیت؟ من نازانم ئاوا، بەم شێوەیە ئاوا لەش ساغ و ئاواش بەژن ڕێک و ڕێکوپێک ئەندامیت!
**فرێد:** من ژیانێکی ڕاست و پاک و بێگەرد دەژیم.
(دۆگلاس و لیس دەڕۆنە لایان).
شارلیت (بە دۆگلاس) ئێوەش ئەوە دەکەن؟
**دۆگلاس:** چی؟
**شارلیت:** مەبەستم ئەوەیە فرێد دەڵێت، کە ئەو هەر لەبەر ئەوەیە ئاوا لەش ساغ و باش و ڕێک ئەندامە، لەبەر ئەوەی ئەو ژیانێکی پاک و بێگەرد دەژی، ئایە ئێوەش هەر ئاوهان؟
**دۆگلاس:** من ژیانێکی زۆر لە ڕادەبەدەر پاک دەگوزەرێنم، ڕاستییەکەی هەر بە تەنیا کاریگەری لەسەر ئەوە نەبووە کە لەش ساغ و ڕێکئەندام ببینرێم و دەربکەوم، بەڵکو کاریگەریشی لەسەر ئەوە هەیە کە خۆشبەختیشی کردووم.
**لیس:** منیش هەروەها بەوە خۆشبەختم، زۆر خۆشبەخت!
**دۆگلاس:** من ئەگەر خۆشم جوان و ڕێکوپێک دەرنەکەوم؟
**لیس:** بەڵام تۆ ئەوە دەکەیت و جوان و باشیش دەردەکەویت، یان نا؟ با، باشە، ئەو باش دێتە بەرچاو! ئەو باش و باش دیارە!، یان...؟
**دۆگلاس:** (قۆڵی دەخاتە سەر هەردوو شانی لیس) ئێمە کە هێشتا تازە بە تازە و هاوسەرگیریمان کردبوو و فرێشە هاوسەر بووین، لە خانوویەکی دوو ژووریدا دەژیاین، من هێن بووم (بە پۆزەوە بە پێوەیە) من، من نوێنەر بووم، نوێنەری بازرگانی، فرۆشیار بووم، ئەوە ڕاستییەکەیە، کە من ئەوە بووم، ئینکاریش لەوە ناکەم کە سەفەرم بەملاوئەولادا کردووە! ئەو ڕاست نییە کە وا نەبێت؟ بەڵێ، بەملاوئەولادا سەفەرم کردووە، ئەوەش هەر لەبەر ئەوە بووە کە ئەم (کچە بچکۆلەیە)ی ئێرە، دوانەیەکی بوو بووا (پێدەکەنێت) ئیتر باوەڕیکەن، یان نا! ئاوا. دوانە، دەتوانم پێتان بڵێم کە وای پێویست دەکرد ڕەنجێکی ئێجگار زۆر بدەم، بەڵام ئەم کچە لێرە، ئەم کچە بچووکە لێرە، دەزانێت و ئێوەش دەزانن، ئەم کچە چی کرد؟ هەر بە تەنیا و تاقی تەنیا ئەو دوانەیەی پەروەردە کرد، هەموو شتێک هەر خۆی کردی و بە ئەنجامی گەیاند، هەموو شتێک هەر خۆی بوو کاتێکیش کە من لە سەفەرەکانی ئەملاو ئەو لام دەهاتمەوە، هەموو شتێکم لەماڵەوە بە پێرفێکت و بە تیپتۆپی دەبینی! (دوانەکەمان - دوو منداڵەکە) ڕەنگ حەمامی لەسەر چەرپا و لە ناو پێخەفدا، باش باش داپۆشرابوون و لە خەوێکی قووڵدا بوون، ژنەکەشم جوان و ڕازاوە و خواردنەکەشم لەسەر تەباخەکە بە ئامادەکراوی دانرابوو!
**فرێد:** چەپڵە لێ دەدا
هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە ئێمە تا ئێستاش هەر بەیەکەوەین! (ماچی کولمی لیس دەکات).
(ڕووناکی لە ژوورەکەدا بەرەو کزی دەچێت).
(ڕووناکی نێو درزی دەرگا کراوەکە بەهێزتر دەبێت و دێتە ناو ژوورەکەوە).
(ڕووناکی نێو درزی دەرگا کراوەکە جێگۆڕکێ دەکات). (ڕووناکی لە ژوورەکەدا دەکەوێتە سەر تێری و دیستی و گافین و مێلیسا و فرێد و شارلیت و دۆگلاس و لیس).

**تێری:** ڕاستییەکەی هەر وابووە، ئینسان خوازیاری هەر شتێک بووبێت، توانیوبەتی کە بە هۆی پوول و پارە ئەو شتە بە دەست بخات، هەر ئاوا بووە، بەڵام ئێستا ئەمەش کەم بووەتەوە و زۆر زۆر دەگمەن بووە و بە دەگمەن ڕوودەدات، بۆ نموونە لە ڕۆژانی وەک ئەمڕۆدا و لەم زەمانەدا، ئینسان زۆر بە دەگمەن دەتوانێت لەوە دڵنیابێت، کە ئایە بەهۆی ئەو پوول و پارەیەوە کە دەیدات، دەتوانێت خواستێکی خۆی بەدیبهێنێت، بۆ نموونە تۆ دەست دەبەیت بۆ جزدانەکەت و پارەکە دەدەیت و دەشزانیت کە بەرانبەر ئەو پارەیە چی وەردەگریت، بەڵام ئەوەی کە تۆ وەریدەگریت، شتێکە کە جارێک و دوایش جارێکی تر لە ناو (خزمەتێکی هونەریدا) خۆی بەرجەستە کردووە. بە زێڕ زاخاو دراوە، زێڕی لەبەر کراوە، خزمەتێکی هونەری کە بە ئاڵتون کراوە، ئیتر ئاواو، هەروەها لە هەموو بوارەکانی ژیانیشدا، ئیتر بەو شێوەیە ئینسان لە پێشەوە بۆ دواوە و لە تەوقی سەرەوە بۆ خوارەوە لە نازونیعمەت هەڵدەکێشرێ، بەڵام نازونیعمەتێکی هونەری نازونیعمەتێکی ئەوەندە هونەری کە تێیدا ئینسان زۆرباش خزمەت دەکرێت، ئەو کاتەش ئینسان نەک هەر زۆرباش خزمەت دەکرێت، بەڵکو لە خواردنیش و شتی دیکەی لەو شێوەیەش، وەک کلێنیکسیش و هەروەها، هەروەها دەرەجە یەک دەبن، بەڵام ئێوە وا دەزانن، کە هەموو ئەمانە زۆر جوان و نایاب و هەروەها زۆر باشن؟ وا نییە، بەڵام ڕاستییەکەی و بەڵکو هەروەهاش ڕاستییەکەی نازونیعمەتێکی هونەری دەستکردە، ئاوا، بە ڕاستی ئا ئەم جۆرە (نازنیعمەتە) ئەتمۆسفێرێکی ئاوای لەم یانەیەدا خوڵقاندووە، هەموو کڕیارەکانی لە نازونیعمەتێکی هونەریی دەستکردا نقووم کردووە، مەبەستم ئەو جۆرە ڕووناکی و ڕووناکردنەوەیەیە، ئەو جۆرە ڕەنگانەیە، ئەو نەوعە موزیکەیە، کە یانەکە پێشکەشی دەکات، من دەربارەی ئەم هارمۆنیەتەی ئەم کەشە گەرم و خرۆشاوە قسە دەکەم، کەسێک نییە بتوانێ دەنگێک لە یانەکەماندا بەرز بکاتەوە، هەرگیز خەڵکی لێرە کەرێتییەک، یان کارێکی قێزەون ناکەن و هیچ سووکایەتییەک بەرچاو ناکەوێت و جنێوێکیشت بەرگوێ ناکەوێت، خوانەخواستە ئەگەر شتێکی لەو جۆرە ڕووی دا، ئەوە بێ ئەملاو ئەولا...دەیخەینە ناو هێلکەیەکەوە و هێلکەکەش فڕێ دەدەینە ژێر پێپلیکانەکانەوە، ئیتر کێشە نییە و ناشبێت!!

**میلیسا:** ڕێگام پێ دەدەیت، کە بیروڕا و بیروبۆچوونەکانت بسەلمێنم؟ (پشوو)

من دەمەوێ بە هەر هەمووتان بڵێم، ئەو قسانەی پێش کەمێک گوتران، من لەگەڵ هەموو ئەو قسانەدام و دەیانسەلمێنم و دووپاتیشیان دەکەمەوە، من لە زۆربەی زۆری یانەی تێنس و مەلەوانگەکاندا ئەندام بووم، بەڵێ، لە زۆرێک لە یانەی تێنس و مەلەوانگەکاندا، هەروەها هەندێک لە برادەرە خۆشەویستەکانم لەو یانانەدا ناسیوە، کە ئێستا هەموویان مردوون، یەک بە یەکی ئەو برادەرانەی کە من هەمبوون، یان بینیومن، مردوون، هەموویان مردوون، یەک بە یەکیان، سکاڵاشم تۆمار نەکردووە، کەسێکیان لێ نەماوەتەوە تەنیا کەسێکیش، کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئا ئەم شتانە بۆ چی باش بوون؟ یانەکانی تێنس و مەلەوانگە بۆچی باشن بۆچی؟ (پشوو)

بەڵام، بەڵام، هەروەها یانەکانیش مردوون و بە هەقانیش مردوون. مەبەستم ئەوەیە، ئینسان دەبێت جیاوازییەک بکات، برادەرەکانم، هەر هەموویان ڕێگای گۆشت خواردنیان گرتبووە بەر، ڕاستییەکەی منیش ڕێگای ترم پێشان نەدان، خۆ ئەوان هەرچۆنێک بێت برادەری من نەبوون! جارێ لەگەڵ نیوەیاندا هەر هەڵم نەدەکرد، بەڵام یانەکان! یانەکان مردن! یانەی تێنس و مەلەوانگەکان مردن. لەبەر ئەوەی پشتیان بە هەندێک بیرۆکەی وەها سەیر بەستبوو کە بنەماکانی ئەخلاقی بەڕێوەی نەدەبردن، بەڵام یانەکەی ئێمە؟! یانەکەی ئێمە لە ناو هەستێکی ئەخلاقییەوە هەڵقوڵاوە، لە ناو هوشیارییەکی ئەخلاقییەوە هەڵهاتووە و سیستمێکە لە ڕێگای بەهاکانی عەقڵەوە ئیلهامەکانی دەبەخشێت! ئەوەش، پێویستە ئەوەش بڵێم، تۆکمەیی و توندوتۆڵییەکەی و بەڕێکخراوبوونەکەی و بناغە داکوتینەکەی، پارێزگاری لێ دەکات! (چەپڵە)

**گافین:** بەڵێ، سەبارەت بەو ئەو شتانەی کە گوتن، من لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵم، (بە ئەوانیتر) ئێوەش هەروەها، ها.. دڵنیان؟

**دۆگلاس:** زۆرباش.

**لیس:** کاریگەر بوو.

**تێری:** فانتازتش!!

**فرێد:** تا بڵێی لە شوێنی خۆیدا بوو.

**شارلیت:** ڕاستودروست.
**دیستی:** با، بەڵێ. چەپڵەیەک! ئیی، بەڵێ.
**دۆگلاس:** بەڕاستی زۆرباش.
**گـافین:** بەڵێ، بە ڕاسـتی زۆرباش بوو، ئەوەی کـە گـووترا دەبوایە بگوترایە، لە ئاهەنگێکی ئاوا خـۆش و کۆمەڵگایەکی هارمۆنیدا ئەوەی ئەم ئێوارەیە وترا، بە ڕاستی شتێکی مەزن و مێژوویی بوو، من بە پێویستی دەزانم کە وەک خاوەن ماڵ و ڕێکخەری ئەم ئاهەنگە، من زۆر بەمە دڵخـۆش و خۆشبەخت بووم، جگە لەوەش بێ هیچ چەندوچوونێک دەبێت مـن، من بیم بە ئەندامی یانە مەزنەکەتان!

**تێری:** تۆ هەر ئێستا و لێرەدا بە ئەندام وەرگیرایت، لە ئەمڕۆوە و وەک ئەندامی شەرەف. (پێکەنین و چەپڵە)

**گافین:** زۆر سپـاست دەکـەم، هەروەک ئەوەی بـەر گوێم کـەوت، کە دوو کـەس لە میـوانەکانمان ئەمڕۆ ئێـوارێ لە هاتنیاندا بۆ ئێرە تووشی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل هاتوون، زۆر بە داخەوەم و دەمەوێ دڵنیاشت بکەمەوە کە کێشەی لەو جـۆرە و کێشـە هاوتاکـانیـان لە مـاوەیەکی کـەمدا چارەسەر دەکرێن، هەروەها با لە نێوان خۆشماندا بێت و لە نێوان خۆمان دەرنەچێت! ئەمڕۆ لای ئێوارە، گورزێکی بچووکی (ڕاوەدوونان و هەڵکوتانە سەرماڵان)مان هەیە، بەڵام ئەو گــورزە ڕاوەدوونان و پشـکنینە زۆر بە باشی بەڕێوە دەچێت و کۆتایی پێ دێت، دواییش لە ماوەیەکی کـورتدا دەگـەڕێنەوە شوێن و ڕێگای ئاسایی خـۆتان، بە هەر حـاڵ ئەوە شـوێنی مـەبەسـتی ئێـمـەیە، ئەمـەش حاڵەتێکی نۆرماڵ و ئاسـاییە، ئێـمە ئەم جۆرە کـارانە ئەنجام دەدەین، ئەگـەر ئێـوە بتـانەوێت، ئێـمـە ئەم جـۆرە کـارانە ئەنجـام دەدەین!! ئێـمـە ئەوە دەکـەین و هەمـوو شتێکی تریش کـە پێویست بکات، هەموو شـتێک کە پێـــویست بێت لە پێناوی ئەوەی هەمـــوو دامـــەزراوە بەرچاوەکـانی نیـشتـمـان و وڵات ڕێبوشوێنی گونجاو بگرنە بەرو لەسـەر سکەی دیاریکراوی خـۆیاندا ڕێ بکەن، تا کـار و گـوزەران و حـەوانەوەی هیچ کـام لە هاووڵاتییـە ئاساییەکان نەتوانرێت تێک بدرێت و بشێوێنرێت!! من سپاسی هەر هەمووتان دەکەم کـە ئێوارەی ئەمڕۆ بۆ ئێرە تەشریفتان هێنا و ئامادەبوون، بەڕاستی میـوانێکی زۆر لە دڵا شـیـــرین بوون، تەواو بە نرخ بوو! (ڕووناکی لە ژوورەکەدا دێت و دەچێت).

(ڕووناکی نێـو دەرگـا نیـوەکـراوەکە بە هێـزتر دەبێت، ژوورەکە ڕووناک دەکاتەوە).

(هەمــوو وەک (تارمـاییـەکی مـات و بێ جـووڵە) وەســتـاون. پیـاوێک لە ناو ڕووناکی دەرگـاکـەوە دەردەکەوێ، بەڵام لەناو چوارچێوەی دەرگاکەدا دەوەستێ، دەستێک جلی نارێکوپێکی لەبەردایە).

**جیـمی:** هەندێ جار شتێک دێتە بەر گوێم، دواییش دەڕواو نامێنێت! بەڵێ من ناوێکم هەیە، ناوم جیمییە، خـەڵکی ناویان ناوم جـیـمی، جـیـمی ناوی من بوو! هەندێک جار شـتێک دێتـە بەرگـوێم، دوایی خامـۆش دەبێت، کاتێکیش کە هەموو شـتێک خامـۆش دەبێت، گـوێم لە لێـدانی دڵم دەبێت. کـاتێک کـە ئەو دەنگە تۆقێنەرە دێتـە ناو گوێکانمەوە، ئیـتر گوێم لە هیـچی تر نییـە، هەروەها نابیسـتم، هەناسە نادەم، کـوێر دەبم! دواییش هەمـوو شتێک دەچێتەوە دۆخی خامۆشی، گوێم لە لێـدانی دڵێک دەبێت، کـە لەوانەیە لێـدانی دڵی خەڵکی تر بێت!
من چیم؟
هەندێک جار دەرگـایەک بە توندی بە یەکدا دەدرێت، گوێم لە دەنگە دەنگە، پاشانیش نامێنێت، هیچ دەنگێک نامێنێت، هەمووی نامێنێت، هەموو شتێک دێتەوەیەک و کـونەبڕ دەبێت، بۆ هەتا هەتایە دێتـەوەیەک و کـونە بڕ دەبێت، ئەوجا دادەخرێت، هەموو شتێک دادەخرێت، بۆ ئەبەدییەت دادەخرێت، ئیتر هیچ نابینم، هیچ، هیچ، ئیتر من لەوێدا دادەنیشم و تاریکی ڕادەماڵم.
من تاریکیم هەیە، تاریکی لە ناو دەممدایە، من لەوێدا گسکی لێ دەدەم، ئەوە تەنیا شتێکە کـە هی من بێت و من شکی بەرم، ئەو هی منە، ئەو مـــوڵکی منە، من گسکی لێ دەدەم!

**سەرچاوە:**

*** لە کـتـێـبی (Mondlicht und andere Stücke) لە نووسینی ئارۆڵد پینتەر وەرگیراوە.**

*** ژمـارەی کـتـێب (ISBN 3499227959) سـاڵی ٢٠٠٥، چاپی دووەم.**

*** چاپخانە/**

**DEUTSCHLAND-Rowohlt Taschenbuch Verlag .**